حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق 13ئۆکتۆبەر2007

کۆمیتەی هۆڵەند

بابەت:ئیعتراز

بەمەبەستی ناڕەزایەتی دژ بە قانونی نەوت و گاز و هەڕەشەی وەزیری نەوت و حکومەتەکەی بۆسەر ڕابەرانی کرێکاری نەوت ،هاوڕێیان دانا بەهادین ،ڕزگار سالْح وەکو نوێنەری حککع لە هۆڵەند وە تەها مەعروف وەکو نوێنەری کۆنگرەی ئازادی عێراق لە چوارچێوەی هەوڵەکانیان لەدژی یاسای نەوتو پێشێلکاریەکانی حکومەتی تائیفی مالکی، ڕۆژی 11ئۆکتۆبەر بۆگەیاندنی پەیامی ناڕەزایەتی سەردانی سەفارەتی عێراقیان لە شاری دەنهاخ کرد بە ئامەدەبوونی ( پەری شەوقی کەسی دووەم و موستەشاری سەفارەتی عێراق لە هۆڵەند). سەرەتا هاوڕێ دانا بەرپرسی کۆمیتەی هۆڵەند لە قسەو باسەکانیدا پەیامی ناڕەزایەتی حیزبی دژ بە یاسای نەوتو هەڕەشەی وەزیر نەوت شەهرستانی بۆسەر ڕابەرانی کرێکاری نەوت ڕاگەیاندو قائیمەیەکیشی لە ئیمزای ناڕەزایەتی تەسلیم بە جێگری سەفیر کرد.بە هەمان شێوە تەها مەعروف هەڵوێستی ناڕەزایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراقی لە قسەو باسەکەیدا بە نابراو گەیاندو بەیانی کۆنگرەی ئازادی عێراقیشی لە پەیوەند بەم کێشەیەوە بە سەفارەت گەیاند. بەدوایدا ڕزگار سالح باسی خەتەری یاسای نەوتی بۆ سەرکرێکاران کردو بە هەوڵیکی دژە کرێکاری خەملاند لەلایەن حکومەتی مالکیەوە. لە کۆتاییدا جێگری سەفیر بەڵێنیدا کە بە ڕاپۆرتیک ئیمزاو بەیانامەوسەرجەمی قسەو باسەکان بەرزکاتەوەو بیگەیەنێتە حکومەتی مالکی و وە بڕیارە لەدواییدا ئێمەشی لێ ئاگادار بکاتەوە. وە بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە هات.

ڕێکخستنی ڕاپۆرت

دانا بەهادین